

دینۆ بۆزاتی

# میزڵدانێکی بچکۆلە

و: عەبدوڵا مەحموود زەنگنە



"ئۆنیتۆی فریشتە دوای بێدەنگبوونێکی زۆر کەوتە قسە:" سیگریتاریۆ، پێم بڵێ کە لە ژیاندا بوویت قەت هەستت بە بەختەوەری کردووە؟"

هاوڕێکەی بە زەردەخەنەیەکەوە وەڵامی دایەوە:" چۆن بیرۆکەیەکە، لەسەر زەوی هیچ کەس ناتوانێت بەختەوەر بێت"

ئەمەی گوت و لە گیرفانی پاکەتە مارلبۆرۆکەی دەرهێنا".

بەیانییەکی رۆژی یەکشەمە، دوای مەراسیمی نوێژ، هەردوو فریشتە ئۆنیتۆ و سیگریتاریۆ لەسەر دوو کورسیی رەشی چەرم لە جۆری "میلر" دانیشتن، لە بەرزاییی ئاسمانەوە تەماشای نەخشە و پیلانەکانی مرۆڤە زاڵمەکانی سەر زەوییان دەکرد.

ئۆنیتۆی فریشتە دوای بێدەنگبوونێکی زۆر کەوتە قسە:" سیگریتاریۆ، پێم بڵێ کە لە ژیاندا بوویت قەت هەستت بە بەختەوەری کردووە؟"

هاوڕێکەی بە زەردەخەنەیەکەوە وەڵامی دایەوە:" چۆن بیرۆکەیەکە، لەسەر زەوی هیچ کەس ناتوانێت بەختەوەر بێت"

ئەمەی گوت و لە گیرفانی پاکەتە مارلبۆرۆکەی دەرهێناو گوتی:"جگەرەیەک ناکێشیت؟"

ئۆنیتۆ وەڵامی دایەوە:"بەخۆشحاڵییەوە، هەرچەندە بەیانیان ناکێشم، بەڵام ئەمڕۆ جەژنە... وەک خۆیشت دەزانیت، پێموایە بەختەوەری...

سیگرتاریۆ قسەکەی پێ بڕی:" بەلایەنی خۆتەوە.. بەختەوەر بوویت؟"

" هەرگیز بەختەوەر نەبووم.. بەڵام قەناعەتم وایە کە.."

" بەڵام بڕوانە، سەیریان کە!" سیگرتاریۆ بە دەم ئاماژەکردنەوە بۆ خوارەوە ئەمەی گوت :" ملیۆنەها کەسن، ئەمڕۆیش بەیانیی ڕۆژی یەکشەمەیە، ئەم بەیانییەی لە هەموو ساتەکانی تری ڕۆژەکە گرینگترە هێشتا تەواو نەبووە، ڕۆژێکی خۆشیشە و خۆر هەڵاتووە، زۆر گەرمیش نییە و شنەبایەکی خۆش و فێنکیش هەڵی کردووە، درەخت و کێڵگەکان گوڵیان کردووە، وەرزی بەهارە، وێڕای ئەوەیش لە گەشەسەندنێکی ئابووریشدان و دەبێ هەست بە ڕەزامەندی بکەن، وانییە؟ لەگەڵ ئەوەشدا یەک کەسم پێ بڵێ، تەنیا یەک کەس لە نێو ئەم ملیۆنەها خەڵکەدا هەست بە ڕەزامەندی بکات، لەوە زیاترم لێت ناوێ، ئەگەر ئەو کەسەت پیشان دام، دەعوەتێکت دەکەم".

"باشە". ئۆنیتۆ وەڵامی دایەوە و بەوردی لێرەو لەوێ لە خوارەوە لەسەر زەوی کەوتە چاوگێڕان لەو قەرەباڵغییە بێ سنوورەدا. هاتە ئەو بڕوایەی بێهوودەیە بیەوێت بە زووترین کات بە ئامانجەکەی بگات، چونکە ئەم کارە لای کەمی چەند ڕۆژێکی دەوێت. بەڵام کێ دەزانێت؟

سیگرتاریۆ بە زەردەخەنەیەکی گاڵتە پێهاتنەوە دیقەتی دەدا."دیارە گاڵتەپێکردنێکی ئاساییە، دەنا چ فریشتەیەک..." لە ناکاو ئۆنیتۆ لەسەر کورسییەکەی هەستا و گوتی:" وا بزانم دیتمەوە"

" لە کوێ"

" لەو شوێنەدا" لە دوور، ئاماژەی بە شارەدێیەکی نێو هەردەکان دا کە خەڵکێکی زۆر لە کڵێساکە دەهاتنە دەر..." ئەها ئەو مناڵە بچکۆلەیە دەبینیت؟"

"ئەوەی قاچی قەوس بووەتەوە؟"

" بەڵێ.. خۆیەتی، تۆزێک راوەستە تا..."

نۆریتای کچۆڵەی تەمەن چوار ساڵان، قاچەکانی قەوس بوون، خۆیشی لاواز و بنێس بوو وەک ئەوەی نەخۆش بێت، دایکی دەستی گرتبوو، بە ئاسانی نیشانەی هەژاری بە خێزانەکەوە دەبینرا، کەچی نۆریتا عەزیەیەکی رۆژی یەکشەمەی رازاوەی لەبەردابوو، هەر خوا دەزانێت ئەو عەزیەیە چەندە زەحمەت و قوربانیی بۆ دراوە!

لە خوارەوەی قادرمەی کڵێساکەدا چەند فرۆشیارێک هەبوون: گوڵفرۆش، مەدالیا و وێنەی پیاوانی ئاینی فرۆش، میزڵدانفرۆش، تۆپەڵێک میزڵدانی رەنگاورەنگ بەجوانی بە دەم نەرمترین شنەباوە بەسەر سەری فرۆشیارەکەوە دەشەکانەوە، مناڵەکە لە بەردەمی فرۆشیارەکەدا وەستا و دەستیشی بە دەستی دایکییەوە بوو، لەم ساتەدا، بە زەردەخەنەیەکی فریودەرانە کە مایەی بەزەیی پێداهاتنەوە بوو، چاوی بۆ میزڵدانەکان هەڵبڕی و لە چاوەکانیدا جۆرێک لە کەیلی و حەز بەدی دەکرا کە سەرسەختترین هێزی دۆزەخی خۆی لە بەردەمدا نەدەگرت، هەر تەماشاکردنی منداڵە ئەم هەموو هێزە لەبننەهاتووەی هەیە، رەنگە لەبەر ئەوە بێت کە منداڵ و بێ دەسەڵات و بێگوناهن "روانینی تووتکە سەگیش هەروایە کاتێک عەزێتیان دەدرێت".

هەر بۆ ئەم پرسەیش ئۆنیتۆی فریشتەی شارەزا لە شتەکاندا ئەم منداڵەی بینا کرد و بەم شێوەیەیش راڤەی کرد: حەزی بوونی میزڵدانێک لای ئەم منداڵە هێندە بەهێزە کە دایکی ناچار دەکات حەزەکەی بەدی بهێنێت ئینشاڵلا، ئەوکات بێگومان بەختەوەر دەبێت، رەنگە بۆ چەند سەعاتێکیش بێت، بەڵام خۆ بەختەوەر دەبێت، جا ئەوکات منیش گرەوەکە لە سیگاریتۆ دەبەمەوە.

ئۆنیتۆی فریشتە دەیتوانی ئەو دیمەنە ببینێت کە لە خوارەوە لە مەیدانی شارەدێکەدا رووی داوە، بەڵام نەیدەتوانی گوێی لەو قسانە بێت کە کچۆڵەکە بۆ دایکی دەیکرد و هەروەها وەڵامەکەی دایکیشی بۆ ئەم، ئەویش بەهۆی دژوارییەکەوە کە کەس نهێنییەکەی نەدەزانی: چونکە فریشتەکان لە بەهەشتەوە دەتوانن رووداوەکانی زەوی ببینن، وەک ئەوەی لە نێوچاویاندا تەلیسکۆبی گەورەیان هەبێت، بەڵام دەنگ و ژاوەژاوەکانی زەوییان پێ ناگات"لە چەند بارێکی هەمەوارتە -استثناء-دا نەبێت کە دواتر باسی دەکەین": رەنگە نەگەیشتنی ئەو ژاوەژاوانە بۆ پاراستنی مێشکی فریشتەکان بێت لە گرمەگرمی مەکینەکان.

دایکی کچۆڵەکە ویستی لە رۆیشتنی خۆی بەردەوام بێت و دەستی کچەکەیشی گرتبوو،

ئۆنیتـۆی فریشـتـه لەوە ترسـا مـەسـەلەکە لەوێدا بە پێی یاسـا تاڵەکانی نێـو مـرۆڤـەکان، یاسـای شکست و نائومـێدی کۆتایی پێ بێت، چونکە ئەو داوا جێسەرنجەی لە چاوەکانی کچۆڵەکە دەبریسکایەوە، تەنانەت رەقـترین زرێپۆش خـۆی لە بەردەمدا رانەدەگرت، تەنیا هەژاری دەیتوانی، چونکە هەژاری دڵی نییە و بۆ خەمەکانی منداڵێک نەرم نابێت.

خۆشبەختانـە، فریشـتـەکە نۆریتای بینی کە لەسـەر پەنجەی پێیـەکـانی وەسـتـا بوو و بەردەوام دەیڕوانییـە چاوەکـانی دایکی و تا ئەوپەڕی توانـایش دیدە پڕ سـۆز و سکاڵاکـانی دەکرانەوە. دایکی بینیی قسـە لەگـەڵ میـزڵدانفرۆشـەکـەدا دەکات و پارەی دەداتە دەست، کچەکەی بینی بە دەست ئاماژەی کرد و پیاوەکەیش جوانترین میزڵدانی بۆ لێ کردەوە، کە پڕپڕ لە هەوا و رەنگیشی زەردێکی کاڵ بوو.

ئەوەتا ئێستا نۆریتا شانبەشانی دایکی دەڕوات و بەردەوام سەیری میزڵدانەکەی دەکات و وەک ئەوەی لەو باوەڕەدا نەبێت گرتوویەتی بە دەسـتـییـەوە، میـزڵدانـەکـەیش بەدوایەوە لە هەوادا دەشەکایەوە.

ئۆنیتۆی فریشتە بە دەم نەرمە پێکەنینێکی مەکربازانەوە بە ئەنیشکی سیخورمەیەکی لە سیگریتاریۆی هاوڕێی دا، ئەویش بۆ رەزامەندی دەربڕین پێ کەنی، چونکە فریشتە دەبێت هەر بەخـتــەوەر بێت بە دۆڕاندنی گـرەو ئەگـەر ئـەو دۆڕانەی تۆزقـاڵێکیش بێت خـەم و مەینەتیی مرۆڤ کەم بکاتەوە.

تۆ کێیت نۆریتا وا ئەم بەیانییە بە میزڵدانەکەتەوە بە شارۆچکەکەدا تێ دەپەڕیت؟ تۆ ئەو بووکـە گەنج و رازاوەیـەیت کە لـە کڵێسـاوە دێیـتـە دەر، تـۆ شـازادەی سـەرکـەوتوویت، تۆ گۆرانیبێژە خواوەندییەکەیت کە خراویتە سەر شانی جەماوەرێکی بێشومار، تۆ جوانترین و دەوڵەمەندترین ژنی جیهانیت، تۆ خۆشەویستیی هاوبەش و بەختەوەریت، تۆ گوڵ، ئاواز، مـانـگ، درەخت و دارسـتـانـەکانیت، تۆ هـەمـوو ئەوانەیت چونکە میـزڵدانێکی بچکۆلە وەها بەختـەوەری کردیت، ئیـتـر قـاچـە داماوەکانت نـەخـۆش نـەمـان، بوونە دوو قـاچی تۆکـمـە و بەهێزی وەرزشوانێکی براوە لە ئۆڵۆمپیاتدا.

هەردوو فریشتەکە ملیان قوت کردبووەوە و بەردەوام تەماشایان دەکرد. دایک و کچێک گەیشتنە ماڵەکەیان لەسـەر بەرزاییـەکی گەڕەکێکی هـەژارنشین. دایکی چووە ژوورەوە بۆ ئیشەکانی، نۆریتایش بە خۆی و میزڵدانەکەیەوە لەسەر دیوارێکی درێژکراوەی کۆڵانەکەیان دانیشتبوو، دەمێک تەماشای میزڵدانەکەی دەکرد و تاوێکیش دەیڕوانییە ئەوانەی بەوێدا گـوزەریان دەکـرد: ئـەو سـووربوو لەسـەر ئەوەی هـەمـوو کـەسـێک بیـبـینێت و بە

بەختەوەرییەکەی شادمان بن. ئەگەرچی بە هۆی خانووەکانەوە رووناکی بەر کۆڵانەکە نەدەکەوت و هیچ جوانییەکیش لە سیمای کچۆڵەکەدا بەدی نەدەکرا، بەڵام روخساری هێندە گەش بوو ماڵەکانی دەوروبەریشی رۆشن کردبووەوە. دواتر سێ مێردمنداڵ لە هاروهاجە دڵڕەقەکان بەوێدا تێ پەڕین، کچەکەیش بەدەم زەردەخەنەوە سەرنجی بۆ لای خۆی راکێشان، یەکێکیان خۆی گەیاندێ و وەک ئەوەی کارێکی ئاسایی بکات جگەرەکەی لە دەمی کردەوە و نووساندی بە میزڵدانەکەوە و دەستبەجێ زرمەی کرد و تەقی و دەزووەکەی بە شۆڕی بەدەستی نۆریتاوە مایەوە کە پارچە لاستیکێکی پێوە مابووەوە. منداڵەکە سەرەتا نەیدەزانی چی رووی داوە، بە سەرسامی و حەپەسانەوە دەیڕوانییە ئەو هاروهاجانەی بەدەم پێکەنینەوە لێی دوور دەکەوتنەوە، دواجار بۆی دەرکەوت میزڵدانەکەی دیار نەماوە و بۆ هەمیشە هۆکاری بەختەوەرییەکەی لە دەست چووە.

لە روخسارە بچکۆلەکەیدا دوو تا سێ لۆچی سەیر دەرکەوتن بەر لەوەی ببنە چرچ و لۆچیی گریانێکی نائومێدانە، ئازارێکی بێ سنوور بوو، شتێکی زۆر ناخۆش کە چارەسەری نەدەکرا. پێشتر وتمان هیچ چرپەیەکی مرۆڤ ناگاتە باخە دڵڕفێنەکانی بەهەشت: نە گرمە و نەڕەی مەکینە و نە لوورەی ئینزار و نە تەقەی تفەنگ و نە هاوار و تەقینەوە ئەتۆمییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا گریەی ئەم کچۆڵەیە گەیشتە ئەوێ و لە هەموو جێیەکدا دەنگی دایەوە. بێگومان بەهەشت بە شوێنی ئاشتی و بەختەوەریی هەمیشەیی دادەنرێت، بەڵام تا رادەیەکی دیاریکراو، دەنا فریشتەکان چۆن ئاگایان لە ئازارەکانی مرۆڤ دەبێت؟

ئەوە بۆ بەختیارە سەرقاڵبووەکان بە چێژی پاک و بێ گەردیانەوە خورپەیەک بوو، سێبەری ئەم مەملەکەتی نوورەی شێواند و دڵەکانی رەنجان، کێ دەتوانێت قەرەبووی ئازاری ئەم کچۆڵەیە بکاتەوە؟

سیگریتاریۆ بێ ئەوەی ورتەی لە دەم بێتەدەر چاوی بڕییە ئۆنیتۆی فریشتەی هاوڕێی.

ئای لە بۆگەنیی ئەم جیهانە! ئۆنیتۆ منجەمنجێکی کرد و جگەرەکەی فڕێ دا کە لەو ساتەیدا دای گیرساندبوو، جگەرەکە بەدوای خۆیدا بەدەم غلبوونەوەی بەسەر زەویدا هێڵێکی سەیری لێ کەوتەوە، یەکێک لەسەر زەوی باسی لە دەفرە فڕیوەکان کرد.

وەرگێڕ بۆ عەرەبی: محەمەد فری